## بانگەوازی ژمارە ٦٨-٦٧ی گۆڤاری تیشک:

### بزووتنەوەی ژینا: دەستکەوت و ئاڵنگارییەکانی

بزووتنەوەی ژینا سەرەتای قۆناغێکی نوێی مێژووی هاوچەرخی سیاسیی کوردستان و ئێرانە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی ژینا دینامیزمی بزووتنەوەکەیە. ئەم تایبەتمەندییە وای کردووە بزووتنەوەی ژینا بە تێپەڕینی کات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر خۆی بەپێی کەشی سیاسی، تەناهی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بگۆڕێت و ڕێگەی نوێی درێژەدان و بەردەوامی بۆ گەیشتن بە ئامانجە فرەڕەهەندەکانی تاقی بکاتەوە. هەر ئەمەیش وای کردووە ئەم بزووتنەوەیە تا ئەم ساتە ڕۆژەڤی نوێ لە کوردستان و ئێران بهێنێتە ئاراوە. بزووتنەوەی ژینا لە کوردستان، ئێران و لەنێو دایاسپۆرای کورد، کاریگەریی قووڵ و بەرچاوی لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگای کوردی داناوە و وێدەچێ ئاسۆی گۆڕانکاری و کاریگەرییەکانی بەردەوام بێت. وەک هەموو بزووتنەوەیەکی دیکە، بزووتنەوەی ژینایش کۆمەڵێک دەستکەوتی بۆ کۆمەڵگای کوردی و سیاسەت لە کوردستان هەبووە. هاوکات، دینامیزمی سیاسەت و کۆمەڵگا، مامەڵە لەگەڵ ڕێژیمێکی تۆتالیتێری ڕەگەزپەرەست، کلتووری شۆڤێنیستیی سیاسیی ئێرانی و نەبوونی یەکدەنگی لەنێو سیاسەتی کوردیدا، کۆمەڵێک ئاڵنگاریی جددییان بۆ بزووتنەوەکە ساز کردووە. بەم بۆنەیەوە تەوەری داهاتووی گۆڤاری تیشک تەرخان دەکرێت بۆ دەستکەوت و ئاڵنگارییەکانی بزووتنەوەی ژینا. داوا لە نووسەران و وەرگێڕانی بەڕێز دەکەین لەم بوارانەی خوارەوەدا نووسین و وەرگێڕانەکانی خۆیانمان بۆ بنێرن:

- **تەوەری یەکەم: بزووتنەوەی ژینا و گوتاری سەروەریخوازیی سیاسی لە کوردستان؛**

- شیکردنەوەی گوتاری سەروەریخوازی: زاراوەناسی، ڕێبازی لێکۆڵینەوە و بیردۆزییەکانی
- سەرەڕۆیی (ئیستبدا)ی سیاسی و سیستەمی ئیتنۆکراسیی سیکۆلاری فارسی
- کاریگەریی بزووتنەوەی ژینا لەسەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان
- بزووتنەوەی ژینا و ناسنامەخوازیی نەتەوەییی کورد
- بزووتنەوەی ژینا و کاریگەرییەکانی لە هاوپێوەندیی نەتەوەکان لە ئێراندا
- بزووتنەوەی ژینا و شێوازەکانی کۆنترۆڵی دەوڵەت و شۆڤێنیزمی ئێرانی
- بزووتنەوەی ژینا و پەیوەندییەکانی بە بەستێنی مێژوویی شۆڕشی نەتەوەیی کوردەوە
- کاریگەریی بزووتنەوەی ژینا لەسەر بووژانەوەی ناسنامەی نەتەوەکان لە ئێراندا
- بزووتنەوەی ژینا، ئەزموونێک بۆ هاوکاری و هاودەنگی لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا
- بزووتنەوەی ژینا لەنێوان گوتاری هاوبەش و گوتاری ڕەقیبی حیزبەکان و کۆمەڵگادا

- **تەوەری دووەم: بزووتنەوەی ژینا و نوخبە و کۆمەڵگە؛**

  -
  - ڕۆڵی ژنانی نوخبە لە بزووتنەوەی ژینادا
  - بزووتنەوەی ژینا و بزووتنەوەی فێمینیستیی ژنانی کورد
  - بزووتنەوەی ژینا و بەشداریی ژنان لە بیاڤی گشتیدا
  - شیکردنەوەی گوتاری نوخبەی سیاسیی کورد

- نوخبە سیاسییەکان و کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی دەسەڵات
- نوخبەی سیاسی و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی
- ڕۆڵی نوخبەی ئەکادیمی لە بزووتنەوەی ژینادا
- بزووتنەوەی ژینا و مامۆستایانی ئایینی
- کاریگەریی بزووتنەوەی ژینا لەسەر کۆدەنگیی کۆمەڵگای کوردستان
- بزووتنەوەی ژینا و هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بزووتنەوەی ژینا و کۆمەڵەی دایاسپۆرای کورد
- بزووتنەوەی ژینا و توێژینەوە ڕووناکبیرییەکانی کوردستان
- بزووتنەوەی ژینا و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی
- نوخبە و پرسی نوێنەرایەتی لە بزووتنەوەی ژینادا
- دۆخی بنەماڵەی شەهیدان، بەندکراوان و بریندارەکانی بزووتنەوەی ژینا
- دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان لە سەردەمی بزووتنەوەی ژینادا
- داهاتووی بزووتنەوەی ژینا: ستراتیژییەکانی گەشەپێدان و فراوانکردنی بزووتنەوەی ژینا

- **تەوەری سێیەم: بزووتنەوەی ژینا و نواندنەوەی لە ڕاگەیاندندا؛**

- ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە نواندنەوەی بزووتنەوەی ژینادا
- دیمەنە زمانییەکان لە خۆپشاندانەکانی بزووتنەوەی ژینادا

- میدیای دەسەڵاتی داگیرکەر و گێڕانەوەکانی لەسەر بزووتنەوەی ژینا
- دژە گێڕانەوەکان لەبەرانبەر گێڕانەوەی سەروەر( Master narratives) لە بزووتنەوەی ژینادا
- شیکردنەوەی گوتاری میدیای ئێرانی و ڕەهەندە شۆڤێنیستییەکانی
- شیکردنەوەی دەقی مەنشوورەکان و ڕەهەندە شاراوەکانی نەژادپەرەستی
- شیکردنەوەی گوتاری میدیای فارسی لەسەر بزووتنەوەی ژینا
- نواندنی میدیاییی تەلەڤزیۆنە فارسییەکان لەسەر خۆپێشاندانەکانی کوردستان و بەلووچستان
- دەمانێ (دیبەیت)ی میدیایی و شیکردنەوەی وتووێژی تەلەڤزیۆنی وەک ژانرێکی میدیایی
- بزووتنەوەی ژینا و ڕەنگدانەوەی لە جۆرە ئەدەبییەکاندا
- بزووتنەوەی ژینا و نواندنەوە هونەرییەکان

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تیشک

تێبینی: دوایین مۆڵەتی وەرگرتنی وتار و توێژینەوەکان، ١٠ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ١ی سێپتەمبری ٢٠٢٣ یە.